خەبات
www.xebat.net
چوارشەممە 2018/5/16 ژمارە (5512)

# زیانڤێکەفتیێن لەهیا ل سەنتەرێ قەزایێن دهوک و سێمێلێ هاتنە قەرەبووکرن



**خەبات- دهوک: فوتو- حەقی ئیسماعیل:** پشتی ل روژا 2018-5-5 لەهی وئاڤ رابونا زیان گەهاندینە ژمارەکا خانی ومال ودوکان وترومبێلا ل سنورێ قەزایێن دهوک وسێمێلێ ولروژا 6-5-2018 رێزدار نێچیرڤان بارزانی سەروکێ حکومەتا هەرێما کوردستانێ و فەرهاد ئەمین ئەتروشی پارێزگەرێ دهوکێ سەرا چەند مالێن زینڤێکەفتی ل سەر روبارێ هشکەرو لسەنتەرێ بازێرێ دهوکێ دای وژنێزیک هایداری رەوشا وان بوین ، سەروکێ حکومەتا هەرێما کوردستانێ بریاردا وان زیانڤێکەفتیا قەرەبوبکەن ولروژا ل دووڤدا لیژنە هاتنە پێک ئینان وزیانڤێکەفتی هاتنە دەست نیشانکرن پاش هاتنە قەرەبوکرن. ل دور بابەتی ژێدەرەکی ژراگەهاندنا قایمقامیا قەزا دهوکێ بو خەبات گوت: ل سەنتەرێ بازێرێ دهوکێ 217 خێزان هاتنە قەرەبوکرن بکوژمێ 180ملیون دینار وهەر خێزنەک بگورەی وێ زیانا گەهشتیێ کو ژلایێ لیژنا تایبەت یاخەملاندنێ هاتبو ئامادەکرن پارە بو هاتە دابینکرن. هەروەسا ژێدەرکی ژراگەهاندنا قەزا سێمێلێ دیارکر کو دقەربوکرنێ ل سنورێ ناحیا فەیدیێ خودانێن شەش ترومبێلا ب کوژمێ 42ملیون دینارا و4 شەهیدێن لەهیا ب کوژمێ 20ملیون دینارا و 46 ماڵ ب کوژمێ 36108000 ملیون دینارا و 57 دوکان بکوژمێ 14670000 ملیون دینارا هاتنە قەرەبوکرن. هەروەسا ل سنورێ سەنتەرێ قەزا سێمێلێ 15ماڵ وسێ حالەتێن گشتی ب کوژمێ 39500000 ملیون دینارا هاتنە قەرەبوکرن.

# بەرپرسی لقی 24: پارتی ماڵە گەورەی کوردایەتییە بۆ خزمەتکردنی خەڵک و بەدیهێنانی مافەکانیان



بەمەبەستی سوپاسگوزاری ئۆرگانەکانی حزب و رێزلێنان لە کارو ئەرک و چالاکیان، بەتایبەتی لە ماوەی بانگەشەی هەڵبژاردن بۆ سەخستنی لیستی پارتی دیموکراتی کوردستان، هیوا ئەحمەد مستەفا ئەندامی سەرکردایەتی پارتی و بەرپرسی لقی24ی سەفین، بە یاوەری هەڤالان کارگێرانی لق سەردانی سنوری چالاکی لێژنە ناوچەکانی هەریر، بالیسان، باسرمەی کرد. دوای پێشوازی کردنیان لە لایەن هەڤالانی لێژنە ناوچەکان بەرپرسی لق کۆبونەوەیەکی فراوانی لەگەل سەرجەم ئۆرگانەکان هەریەک لە ستافی لێژنە ناوچەوبەش و رێکخراوو بنکەکان و رێکخراوە پیشەییەکان کرد، لە ناوەرۆکی کۆبونەوەکە بەرپرسی لق پیرۆزبایی سەرکەوتنی پارتی لە سەرجەم هەڤالان کرد و دەستخۆشی لە کارو ئەرکەکانیان لەماوەی بانگەشەی هەڵبژاردن بە تایبەتی کرد، هاوکات سوپاسگوزاری دۆست و لایەنگرانی پارتی کرد کە بەو پەڕی دڵسۆزی ئەرکی مێژوویی خۆیان جێبەجێکردو توانیان بەهەموولایەک متمانە و پشگیری بە پارتی دیموکراتی کوردستان ببەخشنەوە وەکو لایەنی یەکەم و پێشەنگ بەردەوام بێت لە کارو خزمەت بەگشتی لەو بارەیەوە وتی: دەنگ و متمانەی خەڵک ئەرکی پارتی قورستر کرد کە ئامانجی دورو نزیکی بۆ خزمەتی خەلک و مافەکانیان بێت وەکو هەمیشە وابووە بۆ داهاتووش بە هەمان بڕواوە بەردەوام دەبێت بۆ داکۆکی کردن لە مافەکانی خەڵک، بۆیە پێویستە هەڤالانمان لە سەرجەم ئۆرگانەکان بەگیان و بڕوای خزمەت و رێزگرتن لە هەڵوێستی خەڵک بەگشتی و دۆست و لایەنگرانمان بەتایبەتی گەشە بە کارو پەیوەندییەکانیان بدەن و زیاتر لە جەماوەر نزیک ببنەوە، هەرلە ناوەرۆکی کۆبونەوەکە بەرپرسی لق جەختی لەسەر هەڵوێستی پارتی کرد کە پێویستە لە سەرجەم ئۆرگانەکان بەگیانی نەتەوەیی و کوردستانیەتی خەبات بکەن و یەکرێزی تەبایی لەگەل لایەنەکان بپارێزن پارتی وەکو ماڵە گەورەی کوردایەتی بۆ خزەمەتی خەلک و داواو مافەکانیان بێت.

## پرسەو سەرەخۆشی

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان**

**هەڤاڵ و هاوکاری بەڕێزمان ئازاد جەهوەر**

داخبار بووین بە بیستنی هەواڵی کۆچی دوایی کەسایەتیی خەباتکار و پێشمەرگەی شۆڕشی مەزنی ئەیلوول، باوکی دوو شەهید خوالێخۆشبوو حەجی ئیبراهیم حەجی حەسەن زێوکی مامی بەڕێزتان. هاوبەشی خەم و پەژارەتانین و سەرەخۆشی لە بەڕێزتان و خانەوادە و سەرجەم کەسوکار و هەڤاڵانی خوالێخۆشبوو دەکەین.

لە خودای گەورە داواکارین سەبووری و ئارامی بە هەموو لایەک ببەخشێت و گیانی کۆچکردوویش بە بەهەشتی بەرین شاد بکات.

**اناللە وانا الیە راجعون**

**دەزگای رۆشنبیری و راگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان**

# قایمقامی هەولێر: بە بۆنەی مانگی ڕەمەزانی پیرۆز لیژنەکان کارەکانیان چڕتر دەکەنەوە

**خەبات- سەید فاتیح بەرزنجی:** دوێنێ لە قایمقامیەتی قەزای ناوەندی هەولێر بە ئامادەبوونی دەزگاکانی راگەیاندن، نەبەز عەبدولحەمید قایمقامی قەزای ناوەندی هەولێر لەسەرەتادا پیرۆزبایی لەسەرجەم موسوڵمانانی جیهان و کوردستان کردو داوای لە هاوولاتیان کرد کە لەو مانگە پیرۆزەدا پێویست ناکات کەلوپەلی خۆراک و کالای زۆر بکڕن بۆ ئەوەی خواستی زیاتر نەکەوێتە سەر خۆراک و نرخی خۆراک وکالا گران نابێت و بەردەوام لیژنە هاوبەشەکانی وەکو لیژنەی پشکنین و چاودێری بازاڕبەهەماهەنگی لیژنەکانی چاودێری بازرگانی و چاودێری تەندروستی و ڤێتەرنەری و پۆلیسی رێککاری و پۆلیسی شارەوانی کارەکانیان چڕتر دەکەنەوەو رۆژانە چاودێری گرانی بازاڕو خۆراکی ماوەبەسەرچوو دەکەن و سزای ئەو کەسانە دەدەن کە هەوڵی بەرزبوونەوەی نرخەکان دەدەن. لەو کۆنگرە رۆژنامەوانیەدا نەبەز عەبدولحەمید قایمقامی هەولێر گوتی: بەدرێژایی ئەومانگە پیرۆزە کارو چالاکیەکانی لیژنەی پشکنین و چاودێری بازاڕ زیاتر دەبێت لەبەرئەوەی خوستی هاوولاتیان لەسەر کڕینی شت ومەک وکالاکان بۆیە پێویستە هەموو لایەک هاوکاربین لەو بابەتە هەر لەهاوولاتیان تادەگاتە بازرگانان و خاوەن شوێنەکان و لایەنە پەیوەندیدارەکان پێویستە دوور بکەونەوە لە خۆراک وکالای ماوەبەسەرچوو، جگە لەوەش پابەندبوون بەنرخ و گران نەکردنی نرخی کالاکان لەمانگی رەمەزاندا تا نەبێ تە مایەی گلەیی و گازندەی هاوولاتیان و هەولیش دەدەین لەگەڵ لیژنەکان سەردانی کۆگاکانی خۆراک بکەین تا لە نزیکەوە لە چۆنیەتی هەڵگرتنی خۆراکی ناو کۆگاکان ئاشنا بین و رێنمایی هەڵگرتنیان پێ بلێین و هەر بازرگان و دوکاندارو کاسبکارێک یاری بە نرخەکان بکات لەو مانگە پیرۆزە لیپرسینەوەی یاسایی لەبەرامبەردا دەکرێت و غەرامەشی دەکەین وداوالە خواردنگەکان و هاوولاتیان دەکەین کە لەو مانگە پیرۆزەدا رێز لەومانگەپیرۆزە بگرن بەتایبەتی خواردنگەکان کە دوکانەکانیان پەردە لێ بدەن و پابەندی رێنماییەکان بن هەرلەو مانگەپیرۆزەدا لیژنەکان بەناو بازاڕدا دەگەڕێن و چاودێری تەواوی بازاڕدەکەن.



# وەزارەتی پەروەردە ساڵیادی یەکێتی مامۆستایانی کوردستان پیرۆز دەکات

ئەمڕۆ 56ساڵ بەسەر دروستبوونی یەکێتی مامۆستایانی کوردستان تێدەپەرێت، رێکخراوێکی پیشەیی کە رۆڵێکی گەورەی لە یەکخستنی دەنگی مامۆستایان و کاری مەدەنی لە هەرێمی کوردستان هەبووە.

وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان رێز لە رۆڵ و خەباتی ئەم رێکخراوەیە و ئەو ئەرکە نیشتمانی و پەروەردەییە دەگرێت کە لەسەر شانیەتی و زەروورەتی رێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی بۆ گەشەسەندن و پێشکەوتنی کۆمەڵگە و بە تایبەت کەرتی پەروەردە بە گرنگ هەژمار دەکات.مامۆستایان وەک تویژی دڵسۆز و خەمخۆری کوردستان، نابێت فەرامۆش بکرێن و پێویستە لە رووی بارودۆخ و بژێوەی ژیانیانەوە ئاوڕی جدییان لێ بدرێتەوە، بۆیەش حکومەتی هەرێمی کوردستان کاری لەسەر ئەم پرسە کردووە و هەمیشە خۆی بە پشتگیر و پاڵپشتی مامۆستایان زانیوە، لێرەشەوە رۆڵی یەکێتی مامۆستایان و رێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی دەردەکەوێت کە پیشەیی و پەروەردەییانە لە خەمی ئەم توێژە گەورەیەی کۆمەڵگە بن و لە پێشخستنی پەروەردە و دیموکراتیزەکردنی دامەزراوەکان و دەسەلاّت هەردەم پێشەنگ و لەسەر خەت بن. دووبارە یادی دامەزراندنی یەکێتی مامۆستایان پیرۆز بێت.

**وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان**

# هەولێر.. بەڕێوەبەر و یاریدەدەری قوتابخانەیەک نۆ ملیۆن دینار بۆ بانک دەگەڕێننەوە



لەسنوری پەروەدەی دەشتی هەولێر بەڕێوەبەرو یاریدەدەری قوتابخانەی ئامێزی بنەڕەتی کوڕان، بەناوەکانی ئازاد سمایل عاشور بەپلەی بەڕێوەبەر، سەردار فەتاح مەولود یاریدەدەری بەڕێوەبەر، لەبانکی بنەسڵاوە لەکاتی وەرگرتنی موچەی مامۆستایانی قوتابخانەکەیان، بڕی 9 ملیۆن دینار پارەی زیادە دەکەوێتە لایان، دواتر بەڕێوەبەرانی ئەو قوتابخانەیە بڕە پارەکە دەگەڕێننەوە بۆ بانک. لەبەرامبەر هەست کردن بەو بەرپرسیاریەتیە و نیشاندانی دەستپاکیان بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی دەشتی هەولێر سوپاسی هەردوو مامۆستاکە دەکات هیوادارن نمونەیان زۆر بێت.

# گەرمیان... بۆ جاری دووەم رێگری لە بەسەربازگەکردنی دەروازەی کەلار دەکرێ

**خەبات- سەبریە یوسف:** پێشتر لەڕونکردنەوەیەکدا ئیدارەی گەرمیان سەبارەت بەکردنی سەربازگە لە دەروازەی شاری کەلار نزیک کەمپی زانکۆی گەرمیان، ئاماژەی بەوەکرد کە کۆتایی بەو بابەتە هێنراوە، بەڵام دوێنێ جارێکیتر ئەوبابەتە سەری هەڵدایەوە.

دوای ئەوەی بڕیار بوو لە نزیک کامپی زانکۆی گەرمیان دوو خاڵی سەربازی دروست بکرێت، ئەمەش نارەزایەتی چالاکوانان و رۆژنامەنوسانی و دەستەی مامۆستایانی زانکۆی گەرمیانی لێکەوتەوە. سەبارەت بەو بابەتە 16رێکخراو لە گەرمیان پێشتر نیگەرانی خۆیان دەربڕی و رایانگەیاند: دەستبردن بۆدەروازەی کەلارو هەولی داخستن و دابڕینی بەهیچ پاساوێک قابیلی قبوڵ نیە و دەبێت دەست بەجێ ڕابگیرێت.

هەروەها دەستەی مامۆستایانی زانکۆ لە راگەیەنراوێکدا کە وێنەکەیان بۆ خەبات ناردوە رایانگەیاندوە بە هەموشێوەیەک کردنەوەی بارەگای سەربازی لەو شوێنە رەتدەکەینەوەو داوای دەستبەجێ وەستاندنی جێبەجێکردنی ئەو پرۆژەیە لە ئیدارەی گەرمیان دەکەین، چونکە دژە لەگەڵ کلتورو گەرانەوە بۆ سەربازگەکردنی شارەکان و هەنگاوەکانمان و فشارە مەدەنیەکانمان بۆ وەستاندنی ئەو پرۆژە دەخەینەکار.

دوای دروستبوونی ئەم نارەزایەتیانە لەلایەن چینەکانەوە، ئیدارەی گەرمیان لە رونکردنەوەیەکدا کە وێنەیەکی بۆ خەبات نێردراوە، رایانگەیاندوە: سەرپەرشتیاری ئیدارەی گەرمیان لەگەڵ فەرماندەی پێشمەرگەی میحوری گەرمەسێر کۆبوەوە بۆ پرسی دانانی سەربازگە بۆ هێزەکانی پێشمەرگە، لێرەوە دڵنیایی بە هەموو لایەک دەدەین ئەو پرسە کۆتایی هاتووەو بنکە سەربازیەکە لەو جێگایە دانانرێت، ئیدارەی گەرمیان خۆی چاودێری دەکات، هەرهەوڵێک هەبێت بۆدووبارە دەستپێکردنەوەی بەلێکتێگەیشتن رێگر دەبێت لەو شوێنە بنکەی سەربازی دابنرێت.

# لە شوقەکانی ئێسکان منداڵێکی سێ ساڵان کەوتە خوارەوەو گیانی لەدەست دا

**خەبات- سەید فاتیح بەرزنجی:** رائیدی مافپەروەر هۆگر عەزیز گەلاڵی گوتەبێژی پۆلیسی هەولێر ڕوونیکردەوە: منداڵێکی بچووک لە نهۆمی 13ی شوقەیەکی شاری هەولێر کەوتووەتە خوارەوە و گیانی لەدەست داوە.

هەروەها باسی لەوەش کرد، کە تەرمەکەی ڕەوانەی پەیمانگەی پزیشکیی دادی کراوە، دۆسیەی لێکۆڵینەوە بۆ ئەم ڕووداوە کراوەتەوە و ڕەوانەی بەردەم دادوەر کراوە، دادوەریش بڕیاری داوە بە وەرگرتنی گوتەی داواکارانی مافی کەسیی مردوو و شاهێدانی ڕووداوەکە.

# تۆڕی شەمس: لایەنە ناڕازییەکان لە داوایەکی پێشتری خۆیان پەشیمان بوونەتەوە

ڕێکخەری گشتیی تۆڕی شەمس بۆ چاودێریی هەڵبژاردنەکان ڕایدەگەیەنێت، ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق، دەبێتە کاربەڕێکەر و ناتوانێت بڕیاری دوبارەکردنەوەی هەڵبژاردنەکان بدات. هۆگر چەتۆ، ڕێکخەری گشتیی تۆڕی شەمس بۆ چاودێریی هەڵبژاردنەکان بە باسنیوزی ڕاگەیاند: دووبارەکردنەوەی هەڵبژاردن دەسەڵاتێکی هاوبەشە لە نێوان کۆمسیۆن و ئەنجوومەنی وەزیران و حکومەتی عێراقیش دەبێتە کاربەڕێکەر و دەسەڵاتی بڕیاردانی لەسەر دووبارەکردنەوەی هەڵبژاردنەکان نامێنێت. ڕێکخەری گشتیی تۆڕی شەمس جەختیشی کردەوە بە پشتبەستن بە سیستەمی ژمارە شەشی ساڵی 2018دەکرێت دەنگەکان بەدەست هەژمار بکرێنەوە، نەک دووبارەکردنەوەی هەڵبژاردن.لە بەیاننامەی لایەنە ناڕازییەکاندا کە لە شەش خاڵ پێکدێت و دوای کۆبوونەوەی ڕۆژی دووشەممە بڵاو کرایەوە، هەژمارکردنەوەی دەنگەکان لە پارێزگای سلێمانی کە داواکاریی پێشتری خۆیان بووە، فەرامۆش کراوە و لەبری ئەوە داوای دووبارەکردنەوەی هەڵبژاردن لە سەرتاسەری هەرێمی کوردستان و کەرکووک کراوە.